**زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر**
Salahaddin university - erbil

# رۆڵی پەکەکە لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی

**پرۆژەی دەرچوونە**

**پێشکەشە بە (بەشی زانستە سیاسیەکان) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (زانستە سیاسییەکان)**

**ئامادەکراوە لە لایەن**

**علی سعید علی**

**بە سەرپەرشتی**

**م. هیوا فوئاد سدیق**

**نیسان ٢٠٢٢**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای سەرپەرشتیار مامۆستا (م. هیوا فوئاد سدیق) دەکەین کە بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بێ کەم و کوڕی و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بێت.
- سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکایەتی بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین دەکەین.
- سوپاس و پێزانین بۆ ئەو کەسانە کە بە ووشەیەکیش هاوکارم بوون.

توێژەر

# پێشکەشە بە

- دایک و باوکی خۆشەویستم کە منیان گەیاندووە بەم رۆژە.
- مامۆستای خۆشەویست (م. هیوا فوئاد سدیق).
- مامۆستایان و کارمەندانی بەشی زانستە سیاسییەکان.
- خوشک و برا و هاورێیان.

توێژەر

# پێرست



| لاپەڕە | بابەتەکان |
|---|---|
| ١ | پێشەکی |
| ٢ | پرسیاری توێژینەوە |
| ٢ | گریمانەی توێژینەوە |
| ٢ | ئامانجی توێژینەوە |
| ٢ | گرنگی توێژینەوە |
| ٣ | میتۆدی توێژینەوە |
| ٣ | پێکهاتەی توێژینەوە |
| ٤-١١ | بەشی یەکەم : مێژووی و پەیوەندی پەکەکە لە دەوڵەتی سوریا |
| ٤ | باسی یەکەم : مێژووی پەکەکە |
| ٥ | یەکەم : دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) |
| ٥-٦ | دووەم : دروست بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) |
| ٧-٨ | سێیەم : ئایدۆلۆژیای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) |
| ٨-١٠ | باسی دووەم : مێژووی پەیوەندی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا |
| ١٠-١١ | باسی سێیەم : دەرکردنی عبدالله ئۆجەلان لە سوریا |
| ١٢-٢٠ | بەشی دووەم : بەهاری عەرەبی و بەشداریکردنی گروپە چەکدارەکان لە وڵاتی سوریا |
| ١٢-١٣ | باسی یەکەم : بەهاری عەرەبی چی بوو ؟ چۆن ڕوویدا؟ |
| ١٣-١٦ | باسی دووەم : بەهاری عەرەبی و سوریا |
| ١٦ | باسی سێیەم : دروستبوونی گروپە چەکدارەکان لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی |
| ١٦-١٩ | باسی چوارەم : دروستبوونی پەیەدە و یەپەگە |
| ١٩-٢٠ | باسی پێنجەم : سەرهەڵدانی داعش لە سوریا |
| ٢١-٢٤ | بەشی سێیەم : شەڕی دژ بەداعش و یەپەگە و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان |
| ٢١ | باسی یەکەم : شەڕی داعش و یەپەگە |
| ٢٢ | باسی دووەم : پەیوەندی یەپەگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی |
| ٢٣-٢٤ | باسی سێیەم : شەڕی کۆبانێ و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان |
| ٢٥-٢٧ | دەرەنجام |
| ٢٨-٣٠ | لیستی سەرچاوەکان |

# پێشەكی :

مێژووی پەیوەندی پەكەكە و دەوڵەتی سوریا  لە ڕاستیدا یەكەم جار، كە ئۆجەلان roوویكردە سوریا، بە نهێنی چوو، نەک سوریا بە فەرمیی داڵدەی دابێت، بەڵام پاش ماوەیەک سوریا هەڵسوكەوتی ئاسایی لە گەڵدا كردن و ڕێگەی مانەوە و چالاكی سیاسی و چەكداریی پێدان، گرفتی سەرەكی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە كە فەرمی نەبوو، و مامەڵەكردنی سوریا بەرامبەر بە پەكەكە ڕاستە سوریا داڵدەی پەكەكەی دا و دواتریش هاوكاریی وكار ئاسانی بۆ كردن، بەڵام ئەم هەڵوێستە تا كۆتایی وەک خۆی نەمایەوە، بەڵكو لە هەندێک دۆخدا، كە دەیزانی بۆ ئەو پارتە ناهەموارە گوشاری دەخستە سەریان بۆ ئەوەی بێ ئیرادەیان بكات و بیانخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە. لەو نێوەندەدا ئامانجی سوریا بەرامبەر پەكەكە پەیوەندیەكی دوور مەودای و مامەڵەكردنی هەبووە لە گەڵیدا، نەک تەنها بە بەكارهێنان و سوود لێ وەرگرتن لە بەرژەوەندییەكانی بەرامبەر توركیا، بەڵكو وەک كارتێكیش لە دانوستانەكانیدا لەگەڵ ئەو وڵاتە لە مەسەلەكانی دیكەشدا، وەک گرفتی ئاو بەكاری بهێنێت، و هەروەها سوریا لە پێناوی دابەشكردن و پەرتكردنی خاكی توركیاشدا بوو، وەک ڕێگە خۆشكردنێک بۆ گێڕانەوەی زەوییە داگیركراوەكانی سوریا.

بەهاری عەرەبی دەستپێكی قۆناغێكی نوێ بوو بۆ هەندێک لە وولاتانی عەرەبی، لەم نێوەندەشدا سوربا پریشكی ئاگری بەركەوت، زیاتر لە هۆكارێک شۆڕش لە سوریا بەرە و جەنگێكی خوێناوی ڕۆیشت .لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا لە ٢٠١١ چەندین گرووپی چەكداری توندڕە و بە هەزاران ئەندامەوە لە سوریا سەریان هەڵدا، كە لەلایەن چەندین وڵاتەوە هاوكاری دەكران و زۆرینەی خاكی سوریایان كۆنترۆڵكرد.

ئەمەش هە لێكی مێژوویی و ئالنگاری لەگەل خۆی هێنا بۆ گشت پێكهاتەكانی سوریا لەوانەش كوردەكانی ئەو وڵاتە. پەكەكە ش كە خۆی بوونێكی مێژوویی هەبوو سودی لەمە وەرگرت. (پەیەدە) لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن كوردەكانی سوریاوە دامەزرا، كە ئایدۆلۆژیای پەكەكە ڕێبازەكەی بوو. (ي پ گ= یەكینەكانی پاراستنی گەل لە سالی (٢٠١٢) راگەیەنرا وەكو  هێزێكی چەكدار بۆپارێزگاری لە گەلی كورد لە سوریا.لەم پێشەكیە باسی  بەرزبوونەوەی رۆلی پەكەكە لە روداوەكانی سوریا دەكەین وهە روە ها دروستكردنی پەیوەندیەكانی لەگەل هەرێمی كوردستان وئەمریكاو هاوپەیمانان وبەشداریكردنی لە شەری دژە داعش لە سوریا و هەروەها ئایندە ی ئە م حزبە لە سوریا.

## پرسیاری توێژینەوە :

ئایە تا چەند پەکەکە کاریگەری هەیە لە ڕووداوەکانی سوریا؟

## گریمانەی توێژینەوە :

گریمانەی ئەوە دەکەین کە ڕۆڵی پەکەکە لە سوریا بەستراوەتەوە بە هۆکاری هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەو هۆکارانە کاریگەریان دەبێت لە ئایندەی سوریا و ڕۆڵی پەکەکە تێیدا.

## ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجی توێژینەوەکەمان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :

١) دەستنیشانکردنی هۆکار و گرفتی پەیوەندی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا.
٢) زانینی باسەکە لەسەر دروستبوونی بوونی گروپە چەکدارەکان لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی.
٣) ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە تا چ رادەیەک شەڕی کۆبانێ کاریگەری هەبووە لەسەر دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە زانستییانە باس لە مێژووی پەکەکە و پەیدە و هەروەها چۆنیەتی باسکردنی پەیوەندی یەپەگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی وە لەهەمان کاتیشدا چۆنیەتی دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان وە چارەنووسی ئایندەی پەکەکە لە وڵاتی سوریادا شیبکردیتەوە.

## گرنگی توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە گرنگی لەوەدایە کە باس لە بابەتێک دەکات کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، کە هێشتا گۆڕانکاریەکان بەردەوامن. کە تاوەکو ئێستا لە ڕووی زانستییەوە بەشێوەی تایبەت توێژینەوە لە بارەی (ڕۆڵی پەکەکە لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی) کە مە، و مێژوو و پەیوەندی پەکەکە لە گەڵ سوریادا چۆن بووە و چۆنیەتی دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریادا. بۆیە دیاریکردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغی مێژووییەدا ڕوویانداوە و بە تەم و مژاوی ونادیاری ماونەتەوە.

## میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی شیکارییە پەیڕەو کراوە، کە تێیدا بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکان و ڕووداوەکان، شیکردنەوەی بابەتی کراوە، بە جۆرێک سەرەتا ئاماژە بە ڕووداوە مێژوویەکان کراوە ودواتر زانستییانە شیکراوەتەوە و پەیوەست کراوە بە کات و شوێنی خۆیانەوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە و ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتاییشدا پێویست بوو بەشێوەیەکی زانستی بەستراوە بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی و پاڵپشتی ساغکردنەوەی ڕاستی ڕووداوە شیکار کراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە :

توێژینەوەکەمان پێکدێت لە پیشەکی و دەرەنجام و سێ بەشی سەرەکی پیکهاتووە، بەشی یەکەم : مێژووی و پەیوەندی پەکەکە لە دەوڵەتی سوریا، لە سێ باس پێکهاتووە کە بریتیە لە ، باسی یەکەم : مێژووی پەکەکە، باسی دووەم : مێژووی پەیوەندی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا، باسی سێیەم : دەرکردنی عبدالله ئۆجەلان لە دەوڵەتی سوریا، بەشی دووەم : بەهاری عەرەبی و بەشداریکردنی گرپە چەکدارەکان لە وڵاتی سوریا، کە پێکهاتووە لە پێنج باس کە بریتیین لە ، باسی یەکەم : بەهاری عرەبی چی بوو ؟ چۆن ڕوویدا؟، باسی دووەم : بەهاری عەرەبی و سوریا، باسی سێیەم : دروستبوونی گروپە چەکدارەکان لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی، باسی چوارەم : دروستبوونی پەیەدە و یەپەگە، باسی پێنجەم وکۆتایی لە بەشی دووەم بریتییە لە سەرهەڵدانی داعش لە سوریا، وە بەشی سێیەم : شەڕی دژ بەداعش و یەپەگە و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان، پێکهاتووە لە چوار باس، باسی یەکەم : شەڕی دژ بە داعش و یەپەگە، باسی دووەم : پەیوەندی یەپەگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، باسی سێیەم : شەڕی کۆبانێ و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان، باسی چوارەم وکۆتایی : ئایندەی پەکەکە لە سوریا، وە لەکۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان.

# بەشی یەکەم

## مێژووی و پەیوەندی پەکەکە لە دەوڵەتی سوریا

### باسی یەکەم : مێژووی پەکەکە

پارتی کرێکارانی کوردستان کە کورتکراوەکەی (پەکەکە) یە، پارتێکی کوردییە لە باکوری کوردستانە لە ڕێکەوتی ٢٧ ی ساڵی ٢٦٧٨ کوردی بەرامبەر بە ٢٨ ی تشرنی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ ی زاینییە، وەکو پارتێکی مارکسی – لینینی دامەزرا(مارکوس، ٢٠١٤ ، لا ٨٥-٨٦). بە بەشداربوونی ٢٠ تا ٢٣ ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنی پەکەکە پیکهێنرا ئەویش لە لایەن عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە وهەر بۆخۆشی ناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان) دانا(گەوهەری، ٢٠١٦ ، لا ٦٦).

(پەکەکە) پارتێکی سیاسییە، بە فەرمی لە بەرواری ١٩٧٩/٣/٢ ڕاگەیندرا(عەبدوڵلا ، ٢٠١٤، لا ٢١).

دەربارەی ئایدۆلۆژیای سیاسی ئەم پارتە، کاتێک نێو ڕەوتی چەپی تورکیادا سەریهەڵدا، لە کوردستانیش ئامادە نەبوو بچێتە ژێر هەژموونی چینی دەرەبەگ و ئاغا کوردەکان، بە پێچەوانەوە زیاتر ڕوویکردە چینی زەحمەتکێش وپاڵە و جووتیار وکرێکاران و ڕەنجبەران و ئاراستەیەکی چەپ ڕۆیانەشی بە بنەما وەرگرت(عیسی، ٢٠٠٢ ، لا ٢٨٣). بە دیاریکراویش پەیڕەوی لە هزری سیاسی مارکسیزم – لینینیزم کرد و لە دید و بۆچوونەکانیدا پشتی بە سۆسیالیزمی زانستی بەست، چونکە دەرکەوتنی خەباتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بەهێزی مەرجدار کرد بوو، بەم بنەما ئایدۆلۆژییەوە. هەر بۆیە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٨) وەک قۆناغی کەڵەکەبوونی تیۆریی گەورە بەرە و خەیاتێکی ئایدۆلۆژی ڕوون دادەنرێت. ئەوەی لەو ماوەیەدا بەدیهاتووە بریتییە لە کۆکردنەوەی پێکەوەی هزری مارکسیزم – لینینیزم وواقیع.(اوجلان، ١٩٨٦ ، لا ١١٣) هاوشانی ئەم هۆکارە خودییانە، زۆر فاکتەری بابەتی تر ڕۆڵیان لەوەدا هەبوو، کە پەکەکە پەیڕەوی تەرزێکی تایبەت بە چەپی شۆڕشگێڕیی بکات، لەوانە چەند فاکتەرێک:-

ئەو ماوە مێژووییەی پەکەکەی تێدا دەرکەوت، قۆناغێک بوو، کە بەشێکی زۆری بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی جیهان گەیشتبوونە سەربەخۆیی و لەوپەڕی گەشە کردنیدابوو، کە زۆربەیان خاوەن هزرێکی چەپی شۆڕشگێڕانە بوون، و پەکەکەش لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە، وەک گروپێکی بچووک، کاریگەر بوو بە تەڤگەرە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکانی جیهان و ناوچەکە و ناوخۆی تورکیاش(عەبدوڵلا، ٢٠١٤ ، لا ٢١).

**یەکەم : دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)**

لە سەرەتای دامەزراندی پارتەکە ٢٢ کەس بوون ئەویش بریتی بوون لە : (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەکینە جانسز، کەسیرە یڵدرم، عەلی حەیدەر قەیتان، هاکی کارەر، جەمیل بایک، دوران کالکان، مەزڵوم دۆغان، محەممەد خەیری دورموش، فاروق ئۆزدەمیر، فەرزەندە تاغاچ، عەبدوڵڵا کومرال، شاهین دۆنمەز، عەلی چەتینەر، حوسەین تۆکگوولەر، عەلی گوربوز، ڕەسوول ئالتیۆک، سەیفەدین زوغورلو، سوبحی کاراکۆش، محمد جاهید شەنەر، محەممەد دوران، عەبباسی گۆگتاش(ئەحمەد، ٢٠٢١ ، ماڵپەڕی زانیاری).

لە ڕاستیدا پارتەکە لە گردبوونەوەیەکی نهێنیدا هەشت مانگ پێشتر و لە ٢٨ ی مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٧٨ دا، لە گوندی فیسی دەرەوەی دیاربەکردا دامەزرابوو، بەڵام گروپەکە بڕیاریاندابوو ،اگەیاندنی دامەزراندنی پارتەکەیان دووا بخەن، تاوەکو ڕەوش و ڕۆژێک بێتە پێشەوە و لە هەرا و هوریا چالاکییەکی گەورەدا خۆیان نومایان بکەن، بۆ ئەوەی یاریدەی بڵاوبونەوەی ناو ناوبانگیان بدات(مارکوس، ٢٠١٤ ، لا ٨٥).

**دووەم : دروست بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)**

دانانی ناوی پەکەکە بۆ ئەو پارتە تازە دامەزراوە لە لایەن ئەندامێکی کۆنگرەی یەکەمی پەکەکە بە ناوی فەرهاد کورتای پێشنیاز کراوە، و لەو کۆنگرەیەدا پەسەندکرا. پێش دامەزراندنی پەکەکە، ئەندامان و لایەنگرەکانی ئەو پارتە، بەناوی ئاپۆچییەوە کارو چالاکییان بەڕێوە دەبردرا. یەکەم دەستەی ئەو کەسانەی پێیان دەوترا ئاپۆچی لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، وەک گروپێکی فیکری و ئایدۆلۆژی بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان بەکار کرد(مارکوس، ٢٠١٤ ، لا ٤٦). لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەو گروپە سەرەتاییەی پەکەکە بڕیاریدا بۆ درێژەدان بەکار و چالاکییەکانی بگەڕێتەوە بۆ باکووری کوردستان. ساڵێک لە دوای گەڕانەوەیان بۆ باکوروی کوردستان بە بەشداریی ٢٣ کەس یەکەم کۆنگرەیان بەست، لەو کۆنگرەیەدا حەوت کەس بۆ دەستەی بەڕێوەبەریی پەکەکە هەڵبژێردران(مارکوس، ٢٠١٤، لا ٦٧). دەرکەوتنی ئاپۆچییەکان و پەکەکە لە باکووری کوردستان لەلایەن بەشێک لەو عەشیرەتە چەکدارانەوە، کە حکومەتی تورکیا پشتیوانیی لێدەکردن دژایەتی دەکرا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی یەکەم پێکدادانە سەربازییەکانی پەکەکە لەناوچەی حیلوان - سیڤەرەک لە پارێزگای ڕحا (ئورفا) لە نێوان ئاپۆچییەکان، و چەکدارە عەشیرەییەکاندا ڕوویدات. ئەو دۆخە بەردەوام بوو تاوەکو کودەتای سەربازیی

١٢ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ بەسەرۆکایەتیی کەنعان ئەڤرەن، لەلایەن جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیاوە بەڕێوەچوو(گەوهەری، ٢٠١٦، لا ٧٠-٧١).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا بەشێک لە ئەندامانی پەکەکە بەرەو لوبنان ڕۆیشتن، لوبنان لەو کاتەدا ناوەندێک بوو بۆ کۆبوونەوەی گروپە شۆڕشگێڕەکانی سەرتاسەری جیهان. ئەندامانی پەکەکە بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵا ئۆجەلان لە لوبنان پەیوەندییان بە گروپە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمەوە کرد، و لەلایەن کەسانی وەک نایف حەواتمە، جۆرج حەبەش و بەگشتی بزووتنەوەی ڕزگاریی فەلەستینەوەوە هاوکاری کران. پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٢ دا دووەمین کۆنگرەی خۆی لە لوبنان بەڕێوەبرد و لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا لەسەر گەڕانەوەی گروپە ڕاهێنراوەکانی پەکەکە بۆ باکوری کوردستان و ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی شەڕی چەکداریی درا. ئەو گروپە ڕاهێنراوانەی پەکەکە لە دوای گەڕانەوەیان بۆ باکوری کوردستان پردی پەیوەندییان لە نێوان باکور و لوبناندا دروستکرد و پۆل پۆل کەسان و لایەنگرانی خۆیان دەنارد بۆ ڕاهێنان بۆ لوبنان. بەهۆی گەورەبوونەوەی ئەو کار و چالاکییەکانی پەکەکە سوپای تورکیا هەڵمەتێکی لە دژی ئەندامان، و لایەنگرانی پەکەکە دەستپێکرد. لەو هەڵمەتانەی سوپای تورکیادا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگران و کادێرە پێشکەوتووەکانی پەکەکە دەستگیرکران، یان کوژران(عبدالمقصود، ٢٠٢٠، لا ٢١-٢٢).

لە ساڵی ١٩٨٤ هێزی ڕزگاریی کوردستان (هەرەکە) ی دامەزراند و لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا شەڕی چەکداری بەشێوەی فەرمی و بە سەرۆکایەتیی مەعسوم کۆرکوماز (عەگید) لە دژی سوپا و حکومەتی تورکیا لە ناوچەکانی ئەڕوح شەمزینان دەستپێکرد، لە ساڵی ١٩٨٦ و لە ڕۆژی ٢٨ی ئازاری ئەو ساڵەدا و لە دوای چەند پێکدادانی قورس دامەزرێنەی هێزی ڕزگاریی کوردستان، عەگید لە چیای گابار گیانی لە دەستدا. عەگید خەڵکی فارقینی ئامەد بوو و لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٦ بوو. وە پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٦ لە سێیەمین کۆنگرەیدا بڕیایدا هێزی ڕزگاریی کوردستان بکات بە ئارتەشی ڕزگاریی گەلی کوردستان (ئەرگەکە)، هەروەها ئەکادیمیای سەربازیی مەعسوم کورکوماز (عەگید) ی دامەزراند. لە ساڵانی ١٩٩٠ی ڕابردوودا زنجیرەیەک ڕاپەڕین بە پێشەوایەتیی پەکەکە زۆربەی شار و شارۆچکە و ناوچەکانی باکوری کوردستانی گرتووە و ئەوەش بووە هۆی ئەوە پەکەکە زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا هێزی خۆی لە ناو خەڵکدا نیشان بدات(عبدالمقصود، ٢٠٢٠ ، لا ٢١-٢٥).

## سێیەم : ئایدۆلۆژیای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە لە کتێبی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستاندا جەمیل بایەک کە نووسیویەتی و دەڵێت : (تا بەر لە سالانی ٧٠ هێشتا سەرمایەداری نەکەوتبووە ناو کوردستان و خەباتی نویی چینایەتی پەیدا نەبوو. سەرمایەداری لە کاتێکدا کەوتە کوردستان کە سەرمایەداری تورک پێویستی بە کەرەستەی خاو هەبوو. کاتێک سەرمایەداری خستە کوردستان لە دەرەوەی ئیرادەی چینێکی تر دروست بوو، کە چینی پرۆلتاریایە. هەڵبەت کاتێک ئەو چینە دروست دەبێ بیر و ئایدولۆژییەکەشی لە گەڵیا دەردەکەوێت، کە پاشان لەسەر ئەم بناغەیە هەڵدەستێ بە خەبات و تێکۆشانی لە پێناوی ناسینی خۆی و دەستەبەکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی)(گەوهەری، ٢٠١٦، لا ٣٣).

پەکەکە بەچەند قۆناغێک دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، وەک قۆناغی سەرەتایی، کە زیاتر خۆی لە پرۆپاگەندەی چەکداریدا دەبینێتەوە، تێیدا پشت بە نامەیەکی دیاریکراو و جێگیر نەدەبەستراو گروپی چەکداری هەڵدەستان بە جوڵە و ئاراستەکردنی لێدان لە نێوەندێکدا، کە ترس و ملکەچی زاڵبوو بەسەریدا. ئامانجیش لێی نەهێشتنی ترس و دروستکردنی بوێریی وکردنەوەی کەناڵی پەیوەندیی بوو لەگەڵ میللەتدا.

قۆناغی دووەم، بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی توندوتیژی تاکەکەسی، کە خۆی لە کردەوەی کوشتن و بەسزا گەیاندنی ئەو خەڵکانەدا دەبینێتەوە، پەکەکە وەک خەڵکی ناپاک و بەکرێگیراو لە قەڵەمی دەدان. ئەم توندوتیژییە تاکەکەسییە لە قۆناغی خەباتی ئایدۆلۆژییەوە تا پێکهێنانی گروپە چەکدارییەکان دەگرتەوە. ئەوەش بە ئامانجی گەمارودانی ئەو ترس و تیرۆرەی کە ئامانج لێی پارچە پارچە کردن و لەبەر یەک هەڵوەشاندنی پەکەکە بوو(عبدوڵلا، ٢٠١٤ ، لا ٤١).

بارودۆخی تورکیا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دیموگرافییەوە لەسەر چەند ئاستێک هەنگاوی نا. جارێک بە گشتیی هەوڵیدا دووبارە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئیتنی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاوێتەکردنی گشتییدا دابڕێژێتەوە. بە ئامانجی تواندنەوەی سەرجەم پێکهاتە و ناسنامە و زمانەکان و جگە لەوانیش، لە چوار چێوەی یەک ناسنامە و زمانی تورکییدا، ئەویش بە دوو ئاست : یەکەمیان : ئاستێکی بنەڕەتی بوو، کە کورد بەشێک بوو لە ئامانجەکان، لە میانەی پشت بەستن بە سیاسەتی هاوشێوە و ئاوێتەکردن لە ناسنامەی ڕووناکبیریی و ئیتنی تورکییدا، لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆچ پێکردن و ڕاگواستنی نێوخۆیی بۆ نێو تورکیا و دەرەوە. دووەمیان : لە ڕێگەی کاری ئاسایشیی و تەوقدانەوە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ژینگەی جولانەوەی کورد بوو، بە چەند شێوەیەک، لەوانە ڕاگواستنی زۆرەملێ یان دروستکردنی

کـۆمەڵگەی زۆرەملـێ ودووبـارە نیشـتەجێکردنەوە لە نـاوچەگەلێکی دیـاریکراوی نـاوخۆیی هەرێمـی کوردییەکاندا(عبدوڵلا، ٢٠١٤ ، لا ٥٥-٥٦).

**باسی دووەم : مێژووی پەیوەندی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا**

لە ڕاستیدا یەکەمجار، کە عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕوویکردە سوریا، بە نهێنی ڕۆیشت، نەوەک سوریا بە فەرمیی داڵدەی دابێت، بەڵام پاش ماوەیەک سوریا هەڵسوکەوتی ئاسایی لە گەڵدا کردن، و ڕێگەی مانەوە و چالاکی سیاسی و چەکداریی پێدان، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە فەرمی نەبوو، واتە بە گوێرەی نووسراو و ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزاکراویی دوو لایەنی بێت، لەم بارەوە (ڕەزا ئاڵتون) دەڵێت : (تەرزو شێوازی پێوەیندیمان لەگەڵ سوریادا فەرمیی نەبوو، نەک تەنها بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو جولانەوە سیاسییانەی تریش، کە لەم وولاتەدا بوون، بنەمای مامەڵەکردنی سوریا لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بەو کێشانەوە هەبوو، کە لەگەڵ تورکیادا هەیبوو، بۆیە ئامانجی بەکارهینانی ئێمە و ئەو جوڵانەوانەی تریش بوو دژ بە تورکیا بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت. هەر وەک ستراتیژی ئەوان ئەوە بوو جولانەوەی کورد بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە)، هەر لەم ڕووەوە (محەمەد ئەمین پێنجوین) یش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سوریا زیاتر لە دوای دەستپێکردنی جەنگی چەکدارییەوە لە ١٥ ی ئابی ١٩٨٤ بایەخی بە پەکەکە داوە و پەیوەندیەکەش لەگەڵ نووسینگەی (حافظ أسد) دا بووە و کۆمەکی سەربازیی دەکردن. بێگومان کۆمەڵێک هۆکار لە پشت قبوڵکردنی پەکەکە لە لایەن سوریاوە هەبوو، لەوانە : هەر لە سەرەتاوە پەکەکە سوریای بە ژینگەیەکی لەبار زانی، چونکە پێش ئەوانیش لەو وڵاتە ژمارەیەک گروپ و ڕێکخراوی چەپ ونەتەوەیی تورکیی لەگەڵ ژمارەیەک پارت و کۆمەڵەی وولاتانی ناوچەکە هەبوون، بۆیە کۆمەکی کردنی پەکەکە لە لایەن سوریاوە بوو(عبدوڵلا، ٢٠١٤ ، لا ١٠٠).

سـەبارەت بە مـامەڵەکردنی سـوریا بەرامـبەر بە پەکەکە، ڕاسـتە سـوریا داڵـدەی پەکەکەی دا، و دواتریش هاوکاریی و کار ئاسانی بۆ کردن، بەڵام ئەم هەڵوێستە تـا کۆتـایی وەک خۆی نەمـایەوە، بەڵکو لە هەنـدێک دۆخـدا، کە دەیزانـی بـۆ ئەو پـارتە نـاهەموارە گوشـاری دەخسـتە سـەریان بـۆ ئەوەی بـێ ئیرادەیـان بکـات، و بیانخـاتە ژێـر ڕکێفـی خۆیەوە(جـودی ،٢٠٠٨ ، لا ٣٦٨-٣٦٩). زۆر جـاریش بـۆ دوورخستنەوەی تۆمەتی تورکیا ڕایدەگەیاند کە کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆیی تورکیایە، و پێویستە لە ناوخۆی ئەو وولاتە چارەسەر بکرێت، و سوریا یەکێتی خاکی تورکیا، و سەلامەتی بەگرنگ دەزانێت و هـیچ بەرژەوەنـدییەکی لەوەدا نییە(رضـوان، ٢٠٠٦، لا ٣١١-٣١٣). ئەمە زیـاتر هەڵوێسـتێکی دیبلۆماسـیانە بوو.

دالـدەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گەریلاکـانی پەکەکە و ڕێگەدان بە کـردنەوەی بـنکە، و بارەگـای چەکداریی و ئەکادیمیـای سـەربازیی شـەهید مەعسـوم قۆرقمـاز لە دەشـتی بیقـاعی لوبنـان، بۆ ئەوە بـوو، تاوەکو دواتر ئەو پارتە وەک کارتی گوشار دژی تورکیا لە کێشەکانی نێوانیاندا بەکاربهێنێت، و هەروەهـا بۆ ئەوەش ناچاری بکـات تـا سیاسـەتێکی دۆسـتانە و ئاسـایی تـر بەرامـبەر بگرێتەبەر(عبدوڵڵا، ٢٠١٤، لا ١٠٢).

هەروەها پەکەکە وەک کارتی لەخۆگرتنی کوردانی نـاوخۆیی سـوریا : هەنـدێک لە سـەرکردەکانی پەکەکە بۆچوونیـان وابـوو، کە کـورد لە سـوریا خەڵکـی ڕەسـەنی ئەو وڵاتە نـین، و پێشـتر لە نـاوچە کوردییەکانی تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتە کۆچیان کردووە، و لەسەریان پێویستە چەک دژی حکومەتی تورکیا هەڵبگرن، هەروەک پەکەکە بۆچوونی وابوو دەبێت چالاکی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە سـوریا لە ڕێـگەی بڵاوکـردنەوەی هۆشـیاریی، و ڕێکخراوەیـی بێـت، لە پێنـاو بەدیهێنـانی مـافە دیموکراسـی ونەتەوەییەکاندا، و دەکرێت بە گیانی پەیوەندیی دۆستانە بێت لەگەڵ ڕژێمی فەرمانڕەوایی سوریا، نەک بە گیانی دوژمنکاریی و بەرەلێگرتنی(عبدوڵڵا، ٢٠١٤، لا ١٠٢).

ئامـانجی سـوریا بەرامـبەر پەکەکە پەیوەنـدیەکی دووره مەودا، و مـامەڵەکردنی هەبـووە لە گەڵیدا، نەک تەنهـا بە بەکارهێنـان و سـوود لێـوەرگرتن لە بەرژەوەنـدییەکانی بەرامـبەر تورکیـا، بەڵکـو وەک کارتێکیش لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ ئەو وڵاتە لە مەسەلەکانی دیکەشدا، وەک گرفتی ئاو بەکاری بهێنێت، چونکە سوریا نەیدەویست کێشەی ئەو پارتە لەگەڵ تورکیادا چارەسەر بکات، بەشێوەیەک دابڕاو بێت لە کێشەی ئاو، هەروەها لە پێناوی دابەشکردن و پەرتکردنی خـاکی تورکیـادا، وەک ڕێگە خۆشکردنێک بۆ گێڕانەوەی زەوییە داگیرکراوەکانی، لەوانەش پارێزگای ئەسکەندەروونیە بوو(هلال، ١٩٩٩، لا ١٨٥-١٩٠).

هاوکات جەمیل ئەسەدی برا بچووکی حافز ئەسەد بە تایبەتی بایەخی دەدا بە پەکەکە و سەردانی کەمپی حیلوەی دەکرد، جگە لە کورسی ئەنجومەنی گەل جەمیل ئەسەد داوای پۆستێکی دیکە نەبوو لە دەوڵەتـدا. لە بنچینەدا کـۆنترۆڵی تەواوی بەنـدەری لازقیـەی لە دەسـتدا بـوو. هاوکـات پەکەکەش لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو بەرپرسی ڕێکخستنە عەرەبییەکانی نێو هەرێمی هاتـای تـورکیی بـوو. ئەو پارێزگـا پێشووەی سوریا کە تاوەکو ئیستاش سوریا بانگەشەی گەڕانەوەی دەکات. سوریا بە چێکردنی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا دەیخواست فشارێکی زێدەتر لە سەر تورکیا دروستبکات، لە بەرامبەر ئەو کێشـمە کێشـە بێ پایانەی کە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیاندا دەگوزەرا(مارکوس، ٢٠١٤، لا ١٨٧).

**باسی سێیەم : دەرکردنی عبدالله ئۆجەلان لە سوریا**

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) جیا لە هەموو گروپ و پارتە سۆشیالستەکانی جیهان، خاوەن هێزێکی شۆڕشگێری تۆکمە و ڕاهێندراوە بە پەروەردەی ئایدۆلۆژی و ئارتەشی شۆڕشگێڕی، بەو پێیەی لە ئێستادا زۆرینەی گرووپ و پارتە سۆشیالیستەکانی جیهان، یان لە دەستەڵاتن، یان لە ڕێڕەوە سەرەکیەکەی خۆیان لایانداوە کە شۆڕشگێڕییە و بوون بە کالایەکی بازاڕی ئازاد یاخود پەرتەوازە بوون، جا چ بە هۆکاری خودی خۆیانەوە، یان هۆکاری پلانگێڕی ولاتانی سەرمایەدار بێت، ئەمە جیا لەو هێزە مەعریفی و ئایدۆلۆژییەی کە بزوێنەری ئەم شۆڕشە فیکری و ئارتەشییەن، لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵەی کەوا ئەو پارتە درووست بووە، تاکە هیزێکە کە توانیوییەتی، لە بەرامبەر چەندین پرسدا یەک لایەنە و یەکانگیرانە تیکۆشان بکات، و دەیان و سەدان بەربەست و ڕیگری تێپەڕێنێت، جا ئەم بەربەستانە ناوخۆیی بێت یان هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەوانە لە سەرەتای شۆڕشدا چەندین پێشەنگ و سەرکردەی بە توانا و خاوەن مەعریفەی باڵای لە دەستداوە (مەزڵوم دۆغان، کەمال پیر، حەقی قەرار، عاگیف یەڵماز، محەمەد خەیری دورمش، عەلی چیچەک، و دەیانی تر لە پێشەنگە باڵاکانی پەکەکە)، لە هەمووشی تاڵتر، ئەو پلانە نێودەلەتییەی کە ئەنجامدرا بە پێشەنگایەتی ڕۆژئاوا بۆ دەستگیرکردنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)، و ڕادەستکردنەوەی بە دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا(ستار، ٢٠١٨ ، ماڵپەڕی ستاندەر).

هەروەها لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٠/٩ دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان سوریا جێدێڵێت، و بەرەو یۆنان بەڕێدەکەوێت، بەڵام هەر لە فرۆکەخانەوە ئەوانەی بانگێشتیان کردبوو پێشوازیان لێنەکرد وخاوەنداری لە بانگهێشتنامەکەی خۆیان نەکرد، بۆیە عەبدوڵلا ئۆجەلان بەرەو ڕوسیا بەڕێدەکەوێت، دوای ماوەیەک حکومەتی ڕوسیا پەسەندی نەکرد کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە جارێکی تر دەگەڕێتەوە یۆنان، بەڵام دیسان ڕێگای مانەوەی پێنادەن، بۆیە ڕەوانەی قونسولخانەی یۆنان دەکرێت لە (کینیا)، ئیدی دوای مانەوەی چەند ڕۆژێک لەو کونسولخانەیە لە فرۆکەخانەی ئەو وڵاتە دەڕفێندرێت و بە دەستگیرکراوی ڕادەستی تورکیا دەکرێتەوە(جودی ،٢٠٠٨، لا ٧٢٠).

عەبدوڵلا ئۆجەلان سەبارەت بە کوردەکانی سوریا بە (نبیل ملحم) نوسەری کتێبی سەرکردە وگەل – گفتوگۆ (حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا) دەڵێت : (زۆربەی کوردەکانی نیشتەجێی سوریا لە باکورەوە هاتوون، و ئەگەر ئەسڵی هەر خێزانێک بگەڕێنینەوە بۆ (٥٠–١٠٠ سال) لەمەوبەر، دەبینین هەموویان لە باکوور وچیاکانی زاگرۆس، تورۆس و بۆتانەوە هاتوون، ئەوەش دیاردەیەکی مێژووییە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات)(گەوهەری، ٢٠١٦، لا ٨٣).

ئۆجەلان لەم چوارچێوەیەدا کە کورد لە سوریا خاکی نییە و بەناهینەرن، ئەرک بۆ پەکەکە دیاریی دەکات کە ناوی کوردستانی سوریا بسڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کوردی سوریای لە ڕیزی پەکەکەدا کۆ کردۆتەوە کە بە بیانووی خەبات بۆ کوردایەتی لە وڵاتی خۆیان دووریان بکاتەوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت : (بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئەوان لە باکووری کوردستانەوە هاتوون. لە سەرەتای ژیانم بۆ گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕامگەیاند، کە پێویستە هێرش بۆ مەڵبەندی باشوور ڕابگیری، وهێرش بەرە و باکوور بێ). نەبیل ملحم دەپرسێ : مەبەست لە هێرش بۆ باشوور چیە؟ ئۆجەلان لە وەڵامدا دەڵێت : (کۆچکردن بەرە و باشوور ڕابگیرێ وکۆچکردن بەرە و باکوور بێ. هێرشیکی بەربڵاو و خەباتێکی توندوتیژمان دەست پێکرد وکوردەکانی سوریامان بەرە و چیاکان و بەرەو باکوور گشاندەوە. ئەگەر سوریا لەم سیاسەتەمان ڕازی بێ، ئەوە ئێمەش ڕازین)(گەوهەری، ٢٠١٦، لا ٨٣-٨٤).

# بەشی دووەم

## بەهاری عەرەبی و بەشداریکردنی گروپە چەکدارەکان لە وڵاتی سوریا

**باسی یەکەم : بەهاری عەرەبی چی بوو ؟ چۆن روویدا؟**

ڕاپەڕینی وڵاتانی عەرەبی شۆڕشێکی سپی بوو دوور لە توندوتیژی، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۱۰، و سەرەتای ۲۰۱۱ سەری هەڵدا، وڵاتانی عەرەبی هەلومەرجێکی هێنابووە کایەوە چاوەڕێی تەقینەوەی دۆخەکە دەکرا، بەڵام بە هاتنی ئەو بەهارە بەخۆسوتاندنی (محمد بوعزیزی) لە بەرواری ۲۰۱۰/۱۲/۱۷ دەستی پێکرد. هۆکاری ئەو شۆڕشە گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتدارانی عەرەبی بوو خەڵک بە گشتی لە هەلێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی لەو دەسەڵاتانە ڕاپەڕن، داوای گۆڕانکاری بکەن کۆتایی بەو شێوە ژیانە بهێنن کە چەندین ساڵە هەناسەی لەبەر بڕیبون، هۆکارە گشتییەکانی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :-

- خراپی دۆخی سیاسی و باوەشکردن بە کورسی دەسەڵاتدا، ئەوان هەموو بوارە سیاسییەکانی وڵاتیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.
- دۆخی ئابووری خراپ، گرنگی نەدان بە دۆخی ئابووری خەڵک وە بەرزبوونەوەی ژمارەی هەژارەکان لە وڵات، نەمانی چینی ناوەڕاست وهەموو ئەوانەی کە بەرگریان لە ڕژێمەکان دەکرد هەموو ئەوانەبوون کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕژێم هەبوو.
- دۆخی کۆمەڵایەتی خراپ بەهۆی بەڕێوەبردن و کاری سیاسی و ئابووری خراپی وڵاتانی عەرەبی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەسوەردان لە هەموو سێکتەرەکانی وڵات ڕوویدەدا، بۆ نموونە وەک : -
- دادگا، زیادبوونی ڕێژەی دزی، لەگەڵ ئەوەشدا دانەمەزراندنی قوتابیانی دەرچووی زانکۆ وپەیمانگاکان لە زۆرینەی وڵاتە عەرەبییەکان.
- هێنانی دەستی کار لە دەرەوەی وڵات ئەوەندەی تر کێشەی ئابووری وکۆمەڵایەتی خراپتر کرد.

سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی ۲۰۱۱ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گەورەی ناوچەکە، بەتایبەتی باکووری ئەفریقیا وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە بە خۆسووتاندنی محەمەد بوعزیزی دەستپێکرد لە وڵاتی تونس و دواتر وڵاتی میسر و لیبیا و یەمەن، تەنانەت بەحرەین وجەزائریش ودواتریشیان وڵاتی سوریا.

ئاگر لە جەستە بەردانی محەمەد بوعەزیزی سەرەتای شۆڕش و ڕاپەڕینێکی جەماوەری نوێی جیهانی عەرەبی بوو، بەڵام هەڵاتنی زین العابدین سەرەتای ڕووخانی سیستەمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بوو، کە دواتر چارەنووسی زۆرینەمان بینی،

**باسی دووەم : بەهاری عەرەبی و سوریا**

بەهاری عەرەبی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، لەم نێوەندەشدا سوربا پریشکی ئاگری بەرکەوت، زیاتر لە هۆکارێک شۆڕش لە سوریا بەرە و جەنگێکی خوێناوی ڕۆیشت، کە تا ئیستا درێژەی هەیە و ئاسۆی چارەسەریش ڕوون نیە. هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای جیاواز هەیە، هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ڕێکخراوی قاعیدە کە هەڵگری ئایدۆلۆژی سەلەفی جیهادی بوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا شوێن پێی خۆی لەو وڵاتە بکاتەوە و لە ژێر ناوی (بەرەی نوسرە) کەوتە چالاکی نواندن، بە تێپەڕبوونی کات لە هەناوی ئەو ئەو ئایدۆلۆژیایەدا داعش، وەک توندڕەوترین هێزی ئیسلامی سەریهەڵدا، ئەمە وێڕای سەرهەڵدانی دەیان گروپی تری ئیسلامیی، کە زۆرێک لەوانە تا ئێستا بە تینی جیاواز لە گۆڕەپانی سوریا لە چالاکی بەردەوامن(باسیرە، ٢٠١٨ ، سایتی کوردستان پۆست).

بەهاری عەرەبی دواتر سوریاشی گرتەوە، سەرەتا بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەستی پێکرد، دواتر گۆڕدرا بۆ ئاراستەیەکی توندوتیژی و دروستبوونی دەیان هێز و ڕێکخراوی سیاسی و چەکدار بە ئاراستەی سیاسی جیاواز و پەیوەندی دەرەکی جیاوازەوە. ئەم جەنگە، کە بە خوێناویترین و ئاڵۆزترین جەنگ لە ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەژمار دەکرێت، ئەویش لە دەرئەنجامی چوونە ناوەوەی چەندین لە دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی تێیدا کە هەر یەکەو بە دوای ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆی کەوتووە، دیاردەیەک نەک هەر جەنگەکەی خوێناویتر و ئاڵۆزترین و درێژخایەن کردوە، بەڵکو چارەسەرەکانیشی قورس کردووە. گەورەترین قوربانییش لەم جەنگە قێزەونە خەڵکی سڤیل وشارستانی بووە(باسیرە، ٢٠١٨ ، سایتی کوردستان پۆست).

پرۆفیسۆر ئەدۆمۆند غەریب ، پێی وایە کە بارودۆخی سوریا ئاڵۆزە و بەچەشنی بارودۆخی شوێنەکانی دیکە سادە نییە کە تێیاندا شایەتی ئەو ڕووداوانە بووبن کە پێیان دەووترێت بەهاری عەرەبی. بارودۆخی سوریا ئاڵۆزە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، **یەکەمیان** بەهۆی پێگەی جوگرافی و جیۆستراتیجییەوە، کە هاوسنورە لەگەڵ چەند وڵاتێکی گرنگ، وەک لوبنان و ئیسرائیل و ئەردەن و تورکیا و عێراق، واتە هەر شتێک لە سوریا ڕووبدات کاریگەریی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر پەرەسەندنەکانی ئەم وڵاتانە، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانەش خاڵی لێکچوونیان هەیە لە ڕووی

پێکهاتەی ڕەگەزخوازی و ئیتنی و ئاینییەوە لە پەیوەندیدا بە گرووپە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانەوە، واتە ئەم وڵاتانە لێکچوونیان هەیە لەگەڵ سوریا لە پەیوەندیدا بە هاوکێشەی سیاسی و باری دانیشتوان و پێکهاتەی ڕەگەزخوازییەوە، ئەمەش نەک هەر کاریگەریی لەسەر سوریا هەیە، بەڵکو تاوەکو وڵاتانێکی زیاتری ناوچەکە ببنە بەشێک لەو کێشەیە، ئەوا ڕوداوگەلێکی زیاتری وڵاتەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم مەسەلەیەوە، ئەو کاتە ئەگەری زیاتر دێتە ئاراوە کە ڕابکێشرێن بۆ ناکۆکی و شەڕێکی هاوشێوە. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە بارودۆخی ناوخۆی سوریاوە، گومانی تێدا نییە کە ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر هەیە لە ناوخۆدا دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد، کە پێیان وایە ڕژێمێکی گەندەڵکار و دەستریژیکارە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا گرووپ گەلێک هەیە پشتیوانی لە ڕژێمەکە دەکەن، کەواتە دابەشبوونێکی زۆر زیاتر هەیە لە سوریا بە بەراورد بەو دابەشبوونەی لە لیبیا، و لە هەمووی گرینگتر لە میسر و تەنانەت لە تونسدا بینیمان، کە لەم وڵاتانەدا پشتیوانیەکی قووڵتر و بەرفراوانتر هەبوو بۆ ئۆپۆزسیۆن بە بەراورد بە سوریا، لە سوریادا خەڵکانێک هەن دژ بە ڕژێمەکە و خەڵکانێکیش پشتیوانی لێدەکەن(غەریب، ٢٠١٢ ، ماڵپەڕی گولان).

هۆکارێکی دیکە کە بۆتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆز بێت، ئەویش مەسەلەی دەستێوەردانی **دەرەکییە**، ماوەیەکی زۆرە ئێمە ئەوە دەبیستین کە ڕژێمەکە لە ڕووخاندایە، تەنانەت ئێمە لە مانگەکانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا ئەمەمان بیست، هەروەها پێشبینی ئەوە دەکرا کە لە ماوەی چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێکدا ڕژێمەکە بڕووخێت، بەڵام ئەوە زیاتر لە چەندین ساڵە ڕژێمەکە نەڕووخاوە، و بارودۆخەکە ئاڵۆزترە و ناکۆکییەکی توندوتیژتر لە ئارادایە، کە ئۆپۆزسیۆن خاکی زیاتر کۆنترۆڵ دەکات و پشتیوانی زیاتر لەو چەکدارانەوە بەدەست دەهێنێت کە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە دێن، هەندێکیان لە گرووپە ڕادیکاڵەکان و هەندێکیان لە گروپە عەلمانی و ناسیۆنالیستەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ئۆپۆزسیۆن سەرکردایەتییەکی بەهێزی نییە، سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن هەن، واتە بەرەیەکی یەکگرتوی نییە بۆ شەڕکردن یاخود تەنانەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمەکەدا، بەڵکو چەندین جیاوازی هەیە لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەکیدا(غەریب، ٢٠١٢ ، ماڵپەڕی گولان).

لە سەرووی ئەوانەشەوە، ئەو نیگەرانییانەی لە نێو کەمینە ئاینی و ئیتنییەکاندا هەن، وەک پێکهاتەی مەسیحییەکان، عەلەوییەکان، دروزەکان و ئیسماعیلییەکان و سوننە عەلمانییەکان و کوردەکان، کە بەلای کەمەوە ژمارەیەکی زۆری کوردەکان نیگەرانن لە هەڵکشانی گروپە ڕادیکاڵیە ئیسلامییەکان لە سوریا، هەروەها گرووپ گەلێک هەن کە پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ناسیۆنالیستی یان عەلمانی دەکەن. لە پەیوەندیدا بە دەستێوەردانی دەرەکییەوە، ئەوا گومانی تێدانیە هەندێ لە هێزە دەرەکییەکان لە نێویاندا

ئەمریکا و فەڕەنسا بە تایبەتی و هێزی دیکە داوایان لە سەرکردەکانی سوریا کردووە کە دەست لە دەسەلات هەڵبگرن، هەروەها پشتیوانییەکی زیاد هەبووە بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئەگەرچی ئەمە بۆتە هۆی بەرفراوانکردنی ناکۆکی و شەڕەکە، بەڵام کۆتایی پێنەهێناوە، لەبەر ئەوەی هێزگەلێکی دیکەش هەن کە پشتیوانی لە ڕژێمی سوری دەکەن(غەریب، ٢٠١٢ ، ماڵپەڕی گوڵان).

کەواتە ناکۆکیی سوریا هەر تەنها ناکۆکییەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو هەرێمیشە و لە هەمووی گرنگترە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە ناکۆکییەکی نێودەوڵەتی، هەموو ئەم ڕەهەندانە بوونەتە هۆی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاڵۆزتر و قورستر بێت. ڕۆژئاوا و ئەمریکا دوودڵبوونە لەوەی بە شێوەیەکی سەربازی دەستێوەردان بکەن، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، یەکەمیان ئەوەیە خواستێک نییە لە نێو ئەم ولاتانەدا بۆ دەستێوەردان، ئەویش بەهۆی تێچوونی شەڕی عێراق و شەڕی ئەفغانستانەوە لە پەیوەندیدا بە خوێن و داهاتەوە، هەروەها بە ناوبانگی ئەمریکاوە، لە ئەمریکادا گرووپ گەلێک هەن باوەڕیان بە دەستێوەردانە و باوەڕیان وایە ئەگەر دەستێوەردان بکرێت ئەوا ڕەنگە ڕژێمەکەی ئەسەد خێراتر دەڕووخێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناکۆکییەکە بە شێوەیەکی خێراتر کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام گرووپ گەلی دیکە هەن کە دوودڵن و پشتیوانی (ئۆپۆزسیۆن) دەکەن و خوازیارن پشتیوانی بکەن، بەڵام نایانەوێت دەستێوەردانی سەربازی بکرێت، وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا و چەند فەرماندەیەکی بالای سەربازی و چەند بەرپرسێکی ڕەسمی هۆشداریانداوە کە سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین- هەروەک ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و هەندێ ولاتی دیکە داوایان کردووە- بە چەشنی لیبیا ئاسان نابێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سوریا سیستمی بەرگری ئاسمانی بەهێزتری هەیە و لەبەر ئەوەی سوریاش بچووکترە ئەوا ئەمریکا ناچار دەبێت سیستمەکانی بەرگری ئاسمانی و موشەکی دژە فڕۆکە تێکبشکێنێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکی زۆری مەدەنی لێبکەوێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکی لە ڕادەبەر هەستیارە لە ڕووی سیاسییەوە و دەرئەنجامی گەورەی لێدەکەوێتەوە(غەریب، ٢٠١٢ ، ماڵپەڕی گوڵان).

گومانی تێدا نییە کە رژێمی سوریا قەرزاباری روسیایە و ئەگەر روسیا نەبوایە، ئەو ڕژێمە، لە کاتی هەراکەی بەهاری عەرەبیدا، دوای رووخانی رژێمەکانی تونس و میسر و لیبیا، هەرەسی دەهێنا. روسیا بە خۆڕایی پشتیوانیی لە سوریا نەکردووە و ئامادەش نییە بۆ هیچ دەوڵەتێکی تر دەست لە سوریا هەڵگرێ. قەیرانی سوریا دوو ئامانجی بۆ روسیا بەدیهێناوە :-

- یەکەمیان : دەستڕاگەیشتنە بە ئاوە گەرمەکان، ئەویش بە دانانی بنکەی سەربازی لە سنوری هەردوو پارێزگای لازقیە و تەرتوس. ئەمەش بەم واتایە دێت کە پۆتین ئەو خەونەی روسیای هێناوەتە دی کە روسەکان نە لە سەردەمی تزاریدا توانیویانە بەدی بهێنن نە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤێتدا. بۆیە پاراستنی ئەم دەستکەوتە بۆ روسیا ئامانجێکی ستراتیجییە و شیاوی ساتوسەودا نییە.

- دووەمیان : روسیا پەی بەوە دەبات کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیجی تازەی ئەمریکادا پێگەیەکی بەهێزی نییە و ئەمریکییەکان لە کۆتاییدا هەر دەستبەرداری ناوچەکە دەبن، ئەوروپاش بە تەنها بۆشاییەکەی پێ پڕ ناکرێتەوە. بۆیە، تاکە دەوڵەت کە لێی رادەبینرێ بەشێکی زۆری بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە، روسیایە(ئەسەسرد، ٢٠٢١ ، سایتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان).

**باسی سێیەم : دروستبوونی گروپە چەکدارەکان لە سوریا دوای بەهاری عەرەبی**

لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا لە ٢٠١١ بە چەندین گرووپی چەکداری توندڕە و بە هەزاران ئەندامەوە لە سوریا سەریان هەڵداوە، کە لەلایەن چەندین وڵاتەوە هاوکاری دەکران و زۆرینەی خاکی سوریایان کۆنترۆڵکرد. گرنگترین ئەو گرووپە چەکدارانەی دروستبوون لە سوریا بریتی بوون لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا داعش و بەرەی نوسرە و سوپای ئازادی سوریا بوو، ئەو گروپانە لەلایەن تورکیا و قەتەر و سعودیە و چەند وڵاتی دیکەوە پشتیوانیان دەکرا و هاوکات شەپۆلی چەکدارە توندڕەوەکان لە سەرانسەری جیهانەوە ڕووی تێکرد و بونە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهان. لە قۆناغی دروستبوونی مەترسی لەسەر ڕوخانی رژێمەکەی ئەسەد و فراوانخوازییەکانی داعش، روسیا و ئەمریکا و ئێران و تورکیا بە چڕی چونە نێو ململانێکانی سوریاوە و چەندین کۆبونەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی تایبەت بە قەیرانی سوریا سازکران و چەندین ڕێککەوتنی لەنێوان تورکیا و ئێران و روسیا و ئەمریکا لێکەوتەوە، کە دواجار بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بوونە کێشەیەکی گەورەتر بۆ قەیرانی سوریا. ئێستا هاوکێشەی دەسەڵات لە سوریادا کورت دەبێتەوە لەناوچەکانی ژێر دەستی رژێم، ناوچە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا، ناوچەکانی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان و تورکیا، و ئەمریکا لە ناوچە کوردییەکان و روسیا و ئێرانیش لەناوچەکانی رژێم بوونیان هەیە(پۆڵەتیک پرێس، ٢٠٢٠ ، سەرچاوەی ئینتەرنێت ، politicpress.com).

**باسی چوارەم : دروستبوونی پەیەدە و یەپەگە**

پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن کوردەکانی سوریاوە دامەزرا، کە ئایدۆلۆژیای پەکەکە ڕێبازەکەی بوو. بە پێچەوانەی هەموو پارتە کوردیەکانی ترەوە، پەیەدە بنەماکەی لەسەر دەسەڵاتی شێوە هەرەمی نیە. سەرکردایەتیەکەی بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵدەبژێردرێت، بە مەرجی سنوردارکردنی بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی مەکتەبی سیاسی پارتەکە. لە هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی کورد لە سوریادا، حکومەت توندترین ڕێکاری بەرامبەر پەیەدە دەگرتە بەر. بە گوێرەی وتەکانی سەرکردایەتی پەیەدە، پەیەدە لە لایەن ئاسایشی سوریاوە کراوەتە ئامانج، چونکە (ئێمە

ئایدۆلۆژیەتی ئۆجەلانمان هەڵگرتووە). شەڕڤانانی پەیەدە وێنەی ئۆجەلان وئەستێرەی سوور نیشان دەدەن وەک بیرهێنانەوەیەکی بنچینەی مارکسیەت. دەستووری پەیەدە داوا دەکات (دان بنرێت بە مافە دەستووریەکانی کورد و ئۆتۆنۆمی دیموکراسی بۆ ناوچە کوردییەکان)(فلیپس، ٢٠١٤ ،لا ١٨٨).

(ي پ گ= یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سالی (٢٠١٢) راگەیەنرا وەکو هێزێکی چەکدار بۆپارێزگاری لە گەلی کورد لە سوریا. یەپەگە بووە باڵە سەربازییەکەی (پەیەدە) ).یەپەگە بە پاراستنی دانیشتوانە نێوخۆییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، پشتگیری گەلی بەدەست هێنا. ژمارەی شەڕڤانانی یەپەگە بیست هەزار کەس بوون. ئافرەت نیوەی هێزەکەی پێک دەهێنا. لە تەشرینی دووەمی ٢٠١٣ دا، یەپەگە ئیدارەی ڕاگوێزانی ڕۆژاڤای بەدرێژایی سنووری تورکیا لە کوردستانی ڕۆژئاڤادا ڕاگەیاند. وەک بەشێک لە (پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی)، ئەنجومەنی یاسایی، مجلس التشریعی نێوخۆیی لە ناوچەکانی عەفرین، کۆبانی، وە جەزیرە دروست کران. ئاڵای سوریا هێنرایە خوارەوە و بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردی گۆڕدرا. کۆمیتەکانی دارایی کاروبارە ناوخۆییەکانی بەڕێوەبرد. ئەنجومەنی یاسای ناوخۆییەکان لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا (٨٢) پیاو وئافرەت لە (٣٥) ڕێکخراو حیزب کە نوێنەرایەتی کورد، عەرەب، سوری وتورکمان لە سەرتاسەری هەر سێ ناوچەکەدا دامەزران و دەستیان بە کارەکانیان کرد. ئەو ئەنجومەنانە لە ڕێژەی ئافرەت و پیاودا یەکسان بوون(فلیپس، ٢٠١٤ ،لا ٣٤٤-٣٤٥).

پەیەدە و باڵە سەربازییەکەی، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، لقی سوریا پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ی تورکیان، ماوەیەکی زۆرە جیاوازیی سیاسی – ئایدۆلۆژییی توندیان لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریای (ئەنەکەسە) هەیە. ئەنەکەسە لە کوردستانی عێراق پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی دەسەڵاتدار هەیە. ئەم جۆرە جیاوازییانە لەمساڵانەی دوایی توندی زیاتریان بەخۆیانەوە بینی.

پەیوەندی بەهێز لە نێوان یەپەگە وپەکەکەدا هەیە، هێزو دەسەڵاتی کوردەکانی لە سوریا بەهیزکرد. گواستنەوەی ئەزموون و ڕێکخراوی دیسپلینی شەڕڤانەکانی پەکەکە بۆ سوریا، ڕۆڵی سەرەکیان لە بەهێزکردنی کاریگەریی هەرێمیی یەپەگە بینی. لە سەرەتاوە لایەنی کەم پەکەکە کاریگەر بوو لە دابینکردنی چەک بۆ پەیەدە، بەڵام کاتێک پەیەدە دەستی گرت بەسەر سەرچاوەی نەوت و دانەوێڵە، بەخێرایی دەستی کرد بە خۆبنیاتنان بەجۆرێک پێویستی بە یارمەتیی ماددیی پەکەکە نەبێت. سەپاندنی سەربازیی زۆرەملێ لە ناوچە کوردییەکان، یارمەتیی یەپەگەی دا تا ڕیزەکانی گەنج بکاتەوە و ڕێگایەک بوو تا چیتر پشت نەبەستێ بەو شەڕڤانانەی پەکەکە کە خەڵکی تورکیا و ئێران بوون(کاژجۆ، ٢٠٢١ ، ژ ٧ ،لا ٩٤).

پەیـــەدە پێی وایـــە پرۆژە بنەڕەتییەکـــەی ئـــەو، تۆڕێکـــی بەرفـــراوان ســـازانی هەیە لەگەڵ هێـــزە نێودەوڵەتییـــەکان بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی بەرفراوانتریـــن ڕووبەر لە ســـووریا و ســـەپاندنی مەرجـــی سیاســـی لە پێگەی هێزی ســـەربازییەوە. ئەمە لـــە کاتێکدا هێزەکانی ئەنەکەســـە باس لەوە دەکەن ئەو جـــۆرە بیرکـردنەوەیە؛ خەونـــە نەتەوەییەکانـــی کـوردی ســـووریا لەبار دەبـــات، و جۆرەهـا شـــەڕی ناوخۆیـــی و لابەلا لە ڕۆژهەڵاتـــی فـــوڕات دروســـت دەکات، بەتایبەت لەنێوان کورد و عەرەبدا. بە ڕای ئەم ئەنجوومەنە، پرســـی کـــورد دەبـــێ قەتیـــس بکرێـــت لـــەو جوگرافیایانـــەی زۆرینـــەی کوردن، بەبـــێ ئەوەی هەوڵـــی کۆنترۆڵکردنـــی جێگەی تـــر بدرێت(محەمەد ، ۲۰۲۰، ژ ۳ ،لا ۹۱-۹۲).

کورد لەم بەشەدا بە سەرۆکایەتی پەیەدە توانی سێ کانتۆن دروست بکات بە ناوەکانی جەزیرە، کۆبـانێ و عەفـرین کە بە ڕۆژاڤـا ناسـراوە. هەروەهـا پێکهێنـانی ئیـدارەیەکی سـەربەخۆو سـوپایەکی سەربازیی کە ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە لە شەڕی دژ بە داعش. ئازاد کردنی ناوچە کوردیەکان (باکوری سوریا) و دروستکردنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی تێیدا بۆتە دڕکێک بۆ سەرانی تورکیاو ڕوسیاو هێزە ئیسلامیەکان. کورد لە ڕۆژاڤا بەرگری سەخت لە خاک و ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی دەکات و جەنگێکیان بەسەردا سەپاندوە. ئەگەر کەوتنی ئەسەد قورس بێت بەهۆی پشتگیری ئێران و ڕوسیاوە ئەوا لەوانەیە کورد لە ڕۆژاڤا ناچار بێت لەگەل ڕژێمی ئەسەد ڕێک بکەوێت، بەڵام پەیەدە سوریایەکی دیموکراتی فیدراڵی مەبەستە. لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیە ئاماژە پێکراوەکان ئەوا داهـاتووی سوریا بە پلەی سـەرەکی بەندە بە ڕوسیا و ئەمریکاوە. لێرەدا ڕوسیا بڕیـاردەرێکی بەرچـاوە بۆ داهـاتووی سوریا بە تایبەت کە نایەوێ ڕژێمی ئەسەد بڕوخێت(باسیرە، ۲۰۱۸ ، ماڵپەڕی کوردستان پۆست) .

پەیـــەدە کێشـــەی لێکەوتەکانـــی دیمۆگرافیـــای کوردیـــی هەیـــە، دەزانێت نـاکۆکییە سیاســـییەکانیان لەگەڵ ئەنەکەســـە، بـــەردەوام هۆکـاری لەقبوونـــی متامنـــەی بنکـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی کـــوردە بـــە ئاینـدەی ئـــەو دۆخەی ئێســـتا لە ڕۆژهەڵاتـــی فـوڕات بووەتە دیفاکتـــۆ(محەمەد، ۲۰۲۰، ژ۳ ،لا ۹۲).

پەیـــەدە لـــە چەنـــد ئاڕاســـتەیەکەوە خەریکـــی دانوســـتانە لـــە بـــارەی ئایندەی سیاســـیی خۆیـــەوە، بەتایبـــەت لەگەڵ ڕژێمی ســـووریا، ڕووسیا، وڵاتە یەکگرتووەکان. هەمیشـــەش بەوە تۆمەتبارە کـــە نـوێنەرایەتیی ســـەرجەم کـــوردی ســـووریا ناکـات، ئێســـتا لـــە هەوڵـدایە بۆ ڕێککەوتـن لەگەڵ ئەنەکەســـە بە مەبەســـتی زاڵبوون بەســـەر ئەو لە مپەرە، هەروەها پەیـــەدە بـاوەڕی وایـــە ڕێککەوتنـــی لەگەڵ ئەنەکەســـە؛ گوشـاری تورکیای لەســـەر کەمتر دەکات، ئەویش بـــە نـاردنی پەیام بـــۆ ئەنقـــەرە کـــە ئـــەوەی لە ڕۆژهەڵاتی فـوڕات ڕوو دەدات، پـرۆژەی" PKK" نییە(محەمەد ، ۲۰۲۰، ژ ۳ ،لا ۹۲).

**باسی پێنجەم : سەرهەڵدانی داعش لە سوریا**

گرووپێکی ئیسلامی تیرۆرستی یاخی لە عێراق و سووریا بوون کە خۆیان بە وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەزانی و چندین ناوچە لە باکووری عێراق و سووریایان کۆنترۆڵ کردبوو. ئەم گرووپە لە لایەن ئەبوبەکر بەغدادی، لە شۆڕشگێڕانی جیاوەبوو لە تۆڕی ئەلقاعیدە، بەڕێوە دەبرا. گرووپەکە لەگەڵ دەوڵەتانی عێراق، سووریا، ئەرتەشی ئازادی خوازی سووریا، کوردانی ڕۆژاوای کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و پاراستنی هەرێمی کوردستان لە شەڕدا بوون(کونوبال، و ئەوانی تر، ٢٠١٧ ،لا ٧).

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەک لقێکی قاعیدە دەستی بە کارەکانی کرد، ئامانج لە کارکردنی بریتییە لە دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی لە ناوچە سوننیەکانی عێراق و سوریا، داعش کورتکراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)ـە بە زمانی عەرەبی، ئێستا ئەو ڕێکخراوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە عێراق و سوریا خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارو چالاکییەکانی ئەنجام دەدات، داعش لە گرتنی ناوچەکاندا توندوتیژیەکی لە ڕادەبەدەر بەکاردەهێنێت و هاوکات لە سێدارەدانی ئاشکراش ئەنجام دەدات، ئەم گروپە گوێ بە سنوورە نێودەوڵەتیەکان نادات وئەو شوێنەی بۆی بکرێت هێرشی دەکات سەر و دەیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیەوە و لە ئێستادا ناوچەیەکی بەرفراوان لە عێراق و سوریا لە ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوەیەدا بوو(محمود ، ٢٠١٥ ، لا١٨٨-١٨٩).

یەکێک لە ناڕوونترین دۆسییەکانی داعش بریتییە لە خۆتێوەگلاندنی لە زۆنگاوی سوریا، سەرەڕای ئەوەش بەشداریکردنی لە شۆڕشی گەلی سوریا لە دژی ڕژێمی ئەسەد بە دوو ساڵ درەنگ وەخت بوو، کاتێک داعش چووە ناو خاکی سوریا، شۆڕشگێڕەکان بەشێکی زۆری ناوچەکانی سوریایان ئازاد کردبوو، بەڵکو نزیکبوون دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن، بەڵام (داعش) لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی (دەستکردنەوە) ەوە هەر زوو گۆمەکەی شڵەقاند و ڕیسەکەی جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانی سوریا کردەوە بە بەخۆری، بەڵکو لەوەش زیاتر کەوتە لێدانی هێزەکانیان و کوشتنی ئەندامەکانیان بەشێوەیەکی زۆر بێبەزییانە(کریم، ٢٠١٥ ،لا ١٧٥).

داعش لە سوریا گۆنترۆڵی ناوچەی ڕەقەی کرد. کە کردبوویە پایتەخی خۆی، وە زیاتر بۆ بیرە نەوتیەکانی، جگە لە شار وشارۆچکە بچووکەکانی تایبەت بە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بە ناوەندەکەی و ڕۆژهەڵاتیەوە. هەروەها ئەو گروپە تیرۆرستیە زۆر جار پارەپێدانی کردارە تایبەتییەکان لە ماوەی تێکەڵکردنی لە گەڕاندنەوەی نەوت و باج و ڕسومات و دزیکردن و ئیبزازکردن(کونوبال، و ئەوانی تر، ٢٠١٧ ،لا ٧).

لە ١٥ ی مارسی ٢٠١١ سوریا شۆڕشی دژی ستەمکارییەکانی ڕژێمی ئەسەد دەستی پێکرد، هەر زوو دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، بیری لەوە کردەوە کە ئاژاوەی سەر گۆڕەپانی سوریا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، ئەوە بوو لە دوای ٥ مانگ بەسەر شۆڕشدا، ئەبوبەکری بەغدادی سەرکردەی کردە سەربازییەکانی خۆی لە موسڵ (ئەبو محەمەد جولانی) ناردە سوریا، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ لە حەسەکەی سەروی ڕۆژهەڵاتی سوریا، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی خانە جیهادییەکانی خۆیان، هەروەها بۆ شێواندنی دۆسیەی سوریا، حزبی بەعس سوریا، هەموو ئەو جیهادییانەی بەردا کە لە زیندانییەکانی خۆیدا بوون، زۆربەیان پەیوەندییان کرد بە (ئەبو محەمەد جولانی)، ئیتر جولانی توانی هێزە جیهادییەکان کۆبکاتەوە و لە ٢٣ ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ بەناوی (جبهة النصرة) خۆیان ڕاگەیاند نزیکەی ٧٠٠٠ جیهادیی هەیە. لە خوارووی سوریا لە ناوچەکانی دیمەشق ودەرعا لە سەرویش لە ناوچەکانی ئەدلەب و حەلەب چالاکی بەرچاویان هەبوو، سەرکەوتنە گەورەکانی گرتنی دوو سەربازگەی گەورەی سوریی بوو، کە یەکیان سەربازگەی (هنانو) لە حەلەب بوو لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٢، دووەمیان قاعیدەی ئاسمانیی (تفتناز) بوو لە ئەدلەب، لە ١١ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣(لیستر، ٢٠١٤ ،لا ٩-١٠).

داعش هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕشی سوریای کردە ئامانجی خۆی (شۆڕشی ئازادی، ڕێکخراوە سەربازییەکان، گەلی شۆڕشگێڕی سوریا)، ئەوە بوو هەستا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک کاری تیرۆرکردن و ڕفاندنی گرنگترین کەسە دیارەکانی بەرگریەی سوریا و ژمارەیەک لە دامودەزگا مەدەنی وسەربازییەکانی تێکشکاند، بێگومان ئەمانە چەند کارێک بوو لەبەرژەوەندی ڕژێمی سوریا کە هەرگیز لە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشێکی بەهێز هەڵکەوتوودا خەونیشی پێوە نەبینیبوو(کریم، ٢٠١٥ ،لا ١٧٥-١٧٦).

سێ هۆکار کارلێکی تەواویان لەسەر مانەوەی داعش هەیە، بریتین لە ململانێکانی تورکیاو ئێران و سوریا لە ناوچەکەدان هاوکات هۆکاری درێژەدان بەجەنگی سوریایش ڕۆڵی خۆی هەیە. بەدەر لەوە دەنگی ناڕەزایی سونییەکانی عێراقیش لەهەمبەر حکومەتی ناوەندیدا دیسانەوە زەمینەی بوونی داعش بوو(شەریف، ٢٠١٦ ،لا ٥٨).

# بەشی سێیەم

# شەڕی دژ بەداعش و یەپەگە و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان

## باسی یەکەم : شەڕی داعش و یەپەگە

شەڕی بەوەکالەتی کورد لە سوریا زۆر لە عێراق دژوارتر بوو، لەبەرئەوەی کوردەکانی عێراق لە ١٩٩١ ەوە، لای ئەمریکییەکان ناسرابوون، بەڵام کوردانی سوریا لە واشنتۆن نەناسرابون، پەیەدە و هێزە سەربازییەکەی یەپەگە و یەپەژە لەساڵی ٢٠١٢ ەوە دەرکەوتن کاتێک توانیان سێ کانتۆنی باکوری سوریا کۆنترۆڵ بکەن و ئیدارەیەکی خۆیان بنیات نا و ناویان لێنا ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئەوەشدا پەیەدە لقێکە لە پەکەکە و ئەویش سەربە مارکسی لینینییە و لە ڕۆژئاوا خۆشەویست نییە. ئەوەی بەڕاستی شەڕی داعشی دەکرد یەپەگە و یەپەژە بوو، هەرچەندە هاوکاری سەربازی بۆ ئەمان کیشەیەکی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست دەکرد ئەویش ناڕەزاییەکانی تورکیا بوو، بۆیە هاوکاری سیاسییان دەکردن، ڕۆژئاوا کاری بە چەکدارە کوردەکان هەبوو لە دژی تورکیا و مۆڵەت نەدانی بە بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیک لەدژی داعش، ئەوەش ئەوەبوو کە پەیەدە وەک تیرۆریست نەناسێ و هاوکاری یەپەگە بکات سەرباری ناڕەزایی تورکیا بەڵام لەهەمان کاتدا چاوپۆشی بکات لە هێرشەکانی تورکیا دژی پەکەکە لە عێراق و سوریا(بابان، ٢٠١٨ ، سایتی چاوی کورد).

یەکینەکانی پاراستنی گەل بووە هێزێکی وشکانی سوری دژ بە داعش دواتریش فراوانتر بوو وهێزە سەربازیە عەرەبییەکانیش گرتەوە ئینجا پەرەی سەند و بووە هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئیستا ئەم هێزانە نزیکەی (٢٥%) ی سورییایان لە ژێر دەستە، هەروەها دەسەڵاتی بەسەر چەند شار و شارۆچکەیەکدا هەیە کە پێکهاتەی هەمە چەشنەیان تیادایە بە تایبەتی مەسیحییەکان و سریانی وعەرەب و تورک، وا پێ دەچێت کە حکومەتی سوریا هیچ گرنگیەک بە کێشەی کورد نەدات، چونکە داگیرکراوە بەشێوەیەک لە شیوەکان و لە دەسەڵاتێکەوە پاڵپشت دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە مەترسی ئەمنیەتی هەیە وەک ناوچەی (ئەدلەب)، هەروەها ڕژێمی سوریا کوردەکان بە دوژمنێکی مەترسیدار نازانێت، هەرچەندە بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ دۆزی سەربەخۆبوونی کوردناکات، بەڵام سەبارەت بە حوکمڕانی نامەرکەزی هەندێک نەرمی دەنوێنێت لە باکوری ڕۆژهەڵاتی(مجله مسارات، ٢٠١٨ ،لا ٤).

**باسی دووەم : پەیوەندی یەپەگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی**

هاوکاریکردنی ئەمریکا بۆ یەپەگە لەسەر کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانە هەرێمایەتیەکانی لەو ناوچەیەدا دامەزرابێت، ئەوا یەپەگە ئەبێت زۆر بە باشی لەم ڕاستیە تێبگات و هەنگاوە سیاسی و سەربازیەکانی بە پێی ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن دابڕێژێت.

لەناوبردنی داعش و هاوشێوەکانی لە سوریاو عێراق ئامانجێکی گرنگی ئەمریکایە، دژ بە مانەوەی ئێرانە لە ئایندەی سوریا، بەڵام ڕوسیا لایەنی کەم بۆ ئەم ستراتیژیەی ئێستای ئێران و تورکیای کردە هاوپەیمانی خۆی لە سوریا. هاوکات سعودیە و هاوشێوەکانی لە کەنداو خوازیاری مانەوەی ئەمریکان لە سوریاش بەتایبەت کە هەڕەشەو مەترسیەکانی ئێران بەرامبەریان بە جدی وەردەگرن و ئامادەی هاوکاری کردنی ئەمریکان لە سوریا، چونکە ئەوە تەنیا ئەمریکایە بتوانێت بیانپارێزێت، پێشتریش لە هەڕەشەکانی صدام حسین. هەواڵەکان وا دەگەیەنن لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا (بێگومان پشتگیری لۆجیستیکی و زانیاری هەوالگری و چەک بەردەوام دەبێت لە لایەن ئەمریکاوە) سعودیەو دەولەتانێکی تری هاشێوە لە کەنداو جێگای ئەمریکا بگرنەوە لە باکوری سوریاو خەرجیەکەشی بە سعودیە بکرێت، لێرەدا بەڕیەککەوتنی ئێران و سعودیە لە سوریا بە دوور نازانرێت(باسیرە، ٢٠١٨ ، سایتی کوردستان پۆست).

دەرکەوتنی داعش وەک دەوڵەتێکی تیرۆریست لە سوریا و عێراق و پەرەسەندنی بەشێوەیەکی مەترسی دار، وایکرد ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆرێت. بەم جۆرە یەپەگە بوو بەو هێزەی لە رۆژئاوای کوردستان دژ بەداعش بجەنگێ و سەرەنجام بە هەوڵی مسعود بارزانی، ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بریاریان دا بچنە رۆژئاواو پارێزگاری لە کەوتنی رۆژئاوا بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش (پەیەدە و یەپەگە) (هندرین، ٢٠١٧ ، ماڵپەڕی هەولێر).

بێگومان پەیەدە لەم ڕاستیە تێدەگات و دەزانێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر خودی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەندە بەتایبەتی لەم ناوچەیەدا، لە راستیدا پەیەدە و رۆژاڤا لەبەردەم چەند بژاردەیەکی سەختدا خۆیان دەبیننەوە، بە تایبەتی کە لە ژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامی هێرشی تورکیادایە

**باسی سێیەم : شەڕی کۆبانێ و دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەپەگە و هەرێمی کوردستان**

کۆبانێ لە ساڵی ٢٠١٤دا یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی تورکیا و یەپەگە نزیک ببنەوە. لە کاتێکدا شەڕڤانانی کورد بێ ئومێدانە بەرگرییان لە چەند چارەکی کۆتایی کۆبانێ کرد لە دژی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی، بەرپرسانی تورکیا سەرقاڵی پێشبینیی پێشوەخت بوون سەبارەت بە کەوتنی ئەو شارە بۆ ئەو گرووپە. لەژێر فشاردا بێت یان نا، تورکیا ڕێگەی بە پێشمەرگە کوردەکانی عێراق دا کە لە کۆبانێ لە دژی داعش پشتیوانیی سەربازی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)بکەن. نزیکەی دوو سەد پێشمەرگە لەگەڵ کاروانێکی سی و هەشت ئۆتۆمبێلی هەڵگری چەکی قورس و پێداویستی، چوونە ناو خاکی تورکیاوە، و بەرەو ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ کۆبانێ بەڕێ کەوتن بۆ شەڕکردن لە شەڕی دژی داعش، کاتێک حکومەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٣دا دەستی بە گفتوگۆی ئاشتی کرد لەگەڵ پەکەکە، ئەنقەرە بەدوودڵی ڕازی بوو بە پەیەدە و یەپەگە زۆربەی باکووری سووریا بەڕێوە ببەن. بوونی یەپەگە لە باکووری سووریا، تا پلەیەکی دیاریکراو سنووری باشووری تورکیای پارێزراو کرد. لەو ماوەیەدا (ساڵح موسلیم ) سەرۆکی پێشووی پەیەدە، و بەرپرسانی دیکەی پەیەدە زۆر جار سەردانی ئەنقەرەیان دەکرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا، بەڵام ئەم دیدارانە کۆتایی هات لەگەڵ شکستی کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە لەگەڵ پەکەکە لە ساڵی ٢٠١٥، ئەگەر سیاسەتی تورکیا لە سووریا بەتەواوی لەسەر بنەمای دژە کورد نەبێت، ئەوا بێگومان پاڵنەری سەرەکیی سیاسەتەکردنیانە. هەر لە سەرەتای شەڕی سووریاوە، تورکیا لەوە هاتە دەنگ کە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لەسەر سنووری باشووری خۆی قبووڵ نییە، ئەنقەرە پەیەدە و یەپەگە وەک درێژکراوەی پەکەکە دەبینێت، پاڵپشتیی ئەمەریکا بۆ یەپەگە تورکیای تووڕە کرد، بەڵام هیچ شتێکی وا نەبوو ئەنقەرە بتوانێت قەناعەت بە هاوپەیمانیی ناتۆ بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بە کاری هاوبەش لەگەڵ شەڕڤانانی کوردی سووریا. لە ماوەیەکی کورتدا، یەپەگە خۆی سەلماند وەک هێزێکی شەڕکەری کاریگەر لە ئەرکی شکستپێهێنانی گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا. بە پێچەوانەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە سەرەکییەکانی تر، یەپەگە بەدیسپلین و ڕێک خرابوو. سەرەڕای ناڕەزاییەکانی تورکیا، واشنتۆن بڕیاری گونجاوی دا بۆ فراوانکردنی هاوکاریی سەربازی لەگەڵ یەپەگە(کاژجۆ، ٢٠٢١، ژ٧ ،لا ١٠٢).

پەیەدە و لایەنگرانی بەردەوام بوون لە تۆمەتبارکردنی ئەنەکەسە بە هاوکاریکردنی تورکەکان. ئەم جۆرە تۆمەتانە بەشێکی زۆری لەوەوە سەرچاوەی گرت کە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەنەکەسە لە تورکیا بوون، وەک عەبدولحەکیم بەشار و فۆاد عەلیکۆ، هۆکاری کردەوەی سەربازیی تورکیایان خستە سەر یەپەگە و قەسەدە کە هەرێمە کوردییەکەیان بەرەو شەڕی نایەکسان لەگەڵ تورکیا ڕاکێشاوە. ئەم

سـەرکردە پرۆتورکـانەی ئەنەکەسـە، گرووپەکەیـان خسـتە نـاو پـێگەی خـراپەوە لەگەڵ پەیەدە کە بە خیانەتکار ناوی بردن(کاژجۆ، ٢٠٢١، ژ٧ ،لا ١٠٤).

گرنگـرتین نـاوچە کە لە دەرەوەی دەسـەڵاتی رژێمـدایە، کـورد دەسـتی بەسـەردا گرتـوە، ئەویـش دەکەوێـتە بـاکوری خـۆرهەڵاتی وڵاتەوە. قەڵەمـڕەوی کـورد لەسـواتەوە کە سـنوری سـوریا و عێـراقە درێـژدەبێتەوە تـا سـەرێکانی (رأس العـین )، لەوێ کەمێـک هاوشـانی سـنوری تورکیـا درێـژدەبێتەوە. سـەرەڕای ئەم نـاوچەفراوانەی قەڵەمڕەوی کـورد، هاوکـات لە ڕووی خۆرئـاواوە و بە تەنیشـت سـنوری تورکیاوە، کۆبانێ (عین العرب) لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری عەفرین لەژێر کۆنترۆڵی کورد دایە. کورد توانییـان قەڵەمڕەویـان فـراوان بـکەن، ئەویـش بەهـۆی دەسـتبەرداربوونی سـنورێکی فـراوان لە بـاکوری وڵات لەلایەن هێزەکـانی ئەسـەدەوە، ئەمەش لە بەهـاری سـاڵی ٢٠١٢ دا هـاتە ئـاراوە. بەخێرایـی پـاش چـۆڵکردنی بەشـێکی زۆر لەنـاوچە کوردییەکـان لە بـاکوری خـۆرهەڵاتی وڵاتـدا لە لایەن هێزەکـانی ئەسـەدەوە، ڕاسـتەوخۆ هێزەکـانی سـەر بە (پەیەدە) توانیـان لەتەواوی ئەو نـاوچە چـۆڵکراوانەدا هێـز و جوڵەی خۆیان بسەپێنن. (ئێرکمێن، و ئەوانی تر، ٢٠١٧ ،لا ١٢٢).

# دەرەنجام

مێژووی پەکەکە لە سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١، کاتێک پەکەکە کۆنگرەی یەکەمی بەستا لە سوریا لە ماوەی نێوان ١٥ و ٢٥ تەمموز، ، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤ کۆنگری دوومی ئەو حیزبە لە سوریا بەسترا، لە کاتێکی کتوپڕدا کرداری سەربازی فراوان دژی ئامانجە سەربازییەکانی نێو خاکی تورکیا لە زۆربەی ناوچەکانی باشوری تورکیا ئەنجامدرا. دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە کرداری سیخوڕی لە ئەفریقیا دواتر سزای بەسەردا سەپێندرا بە بەندکردنی هەتاهەتایی، دوای ئەوە پەکەکە بوونی نەما لە وولاتی سوریا تا سەرەتا شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١ دووبارە پەیدا بووە(فريق التحرير، ٢٠٢٠ ، موقع نون بوست).

بوونی پەکەکە لەو وولاتە کاریگەری هەمە جۆری بۆ کوردەکانی سوریا هەبووە وهەیە. لە سەرەتادا رێکخراوەکە پشتگیری فراوانی لە کوردانی سوریاوە پێدەگەیشت و بە زۆری لەلایەن لاوە کوردەکانەوە پەیوەندی پێوەدەکرا. هەرچەندە بە درێژایی نەوەدەکان ڕەخنە لە تاکتیک و ئایدۆلۆژیای پەکەکە وپەیوەندی بە حکومەتی سوریا و چالاکییە ناوخۆییەکانی زیادی کرد. کوردانی سوریا بەشداری لە پێشکەشکردنی خزمەت و پارە و هێزی مرۆیی بە پەکەکە لە دژی تورکیا دەکەن(مۆنتگومری، ٢٠٠٩ ،لا ١٨٩).

سوریا توانی پەکەکە وەک وەسیلەیەک دژبە تورکیا هەڵبسوڕێنێت، ئەوەش بەهۆی کێشە بەردەوامەکانی نێوان دوو وڵاتەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەوانە بەرهەمهێنانی بەنداوەکانی سەرچاوە ئاوییەکانی فورات کە لە خاکی تورکیادان. هەموو ئەو پرۆژانە بە زیانی سوریا دەشکانەوە. هەربۆیە سوریا بوویە پشتیوان و پەناگەی پەکەکە لە دەستپێکی هەشتاکاندا. هاوکات پەکەکە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بەوەی لە خاکی سوریاوە هێرش دەکەنە سەر ئامانجەکانی تورکیا. لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەرەشەکانی تورکیا بۆ بەکارهێنانی هێز دژ بە سوریا، سوریای ناچارکرد واز لە رایاری پشتیوانی لە پەکەکە و پەنادانی عەبدوڵلا ئۆجەلانی رێبەری پەکەکە بهێنێت. ئیدی لێرەوە سەردەمێکی نوێ لە پێوەندیی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە دەستپێکرد. وەلێ ئاڵۆزییەکانی سوریا کە لە سەرەتای ٢٠١١وە دەستیانپێکردووە و هاوکات بڕیاردانی تورکیا بۆ سەرەونخونکردنی رژێمی ئەسەد دیسانەوە سندوقی پاندۆرەی بەنیسبەت تورکیاوە والاکردووەتەوە.

هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی لەسوریادا دامەزرێنرا، ئەم هەرێمە تێیدا پارتی یەکێتی دێموکرات(پەیەدە) بالادەستە، ئەم پارتە وابەستەیە بە پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە)وە. لەبەر ئەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە بەرەیەکی نوێی کوردیی لە سنوورەکانی باشووری تورکیا دژبە تورکیا والابکرێت.

تورکیاش مەرجی گرانی هەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان کە لەئێستا زەحمەتە دەسەڵاتدارانی رۆژئاوای کوردستان بێنە ژێرباری ئەو مەرجانە، کە لەئێستادا ناکرێت باس لە داخوازییەکانی تورکیا بکەین و کەمێک هەستیارە، بەڵام هەوڵ دراوە ئەو هەستیارییەی تورکیا کەمبکرێتەوە، بۆ نموونە کەمکردنەوەی وێنەی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە شەقام و شوێنە فەرمییەکان، هاوکات راگەیاندنی رۆیشتنی گەریلا یان چەکدارانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان و نەهێشتن یان کەمکردنەوەی سیماو سیمبولەکانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان بەشێک بووە لەو هەوڵانەو لەسەر داوای ئەمریکا جێبەجێکراوە. ئەم هەنگاوانە بەشێک بوون لەهەوڵی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەستیارییەی تورکیا بەرامبەر رێڤەبەری کورد لە رۆژئاوای کوردستان

گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەو یەکێتیی و پارتی بۆ هاوکاریکردنی رۆژئاوای کوردستان لەبەرەو پێشچونی پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان لەسەر ئایندەی خۆیان. لەو پرسەدا دیسان گفتوگۆیان لەگەڵ هەرسێ لایەنی سەرەکی کوردستان (پەکەکەو یەکێتیی و پارتی) کردوە بۆ ئەوەی رێڤەبەری خۆسەر لەژێر کاریگەریی دەرەکی دوربکەوێتەوە .. بەتایبەت یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پەیەدە مەرجەعی پەیەدە هەیە. ، نوێنەرانی ئەمریکا لەگەڵ لێپرسراوانی پەکەکە کۆبونەوەتەوەو لەوبارەیەوە گفتوگۆیان کردووە. واشنتۆن هەوڵدەدات پەکەکە هاوکاری رێڤەبەری خۆسەر بێت بۆ ئەوەی بتوانن بڕیارەکانی سەربەخۆ بێت .

سەرەڕای گەورەبوونی پشتیوانیی سەربازیی ئەمەریکا بۆ پەیەدە، پەیەدە هەمیشە کەناڵێکی کراوەی لەگەڵ دیمەشق هێشتەوە، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. هەندێک کەسی بەهێز لەناو ئیدارەی خۆسەردا بەبەردەوامی داکۆکییان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمدا کردووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کورد لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق بۆ دانوستان لەسەر داهاتووی هەرێمەکەی، بەم شێوەیە پەیوەندییەکی کەم لەگەڵ ڕژێمدا دەتوانێت سوودی هەبێت بۆ هەر دانوستانێکی داهاتوو، کەسانی تر لەناو پێکهاتەی (پەیەدە-قەسەدە) کە دژی ئەم بیرۆکەیەن و بە زیادکردنی پشتیوانیی ئەمەریکا هەوڵی دوورکەوتنەوەیان دا لە ئەسەد. ئەسەد جاروبار بە هۆی کاری هاوبەشیان لەگەڵ ئەمەریکییەکان، هێرشی دەکردە سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و قەسەدە، بەڵام تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ لە پێگەیەکدا نەبوو کە هەڕەشەی ڕاستەقینە لە دژی کورد بکات، چونکە لە شەڕی جۆراوجۆردا لە دژی ئەو یاخیبووانەی لە تەواوی سووریادا هەبوو؛ سەرقاڵ بوو. کاتێک ڕژێمی سووریا وردە وردە دەستی بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەدا گرت کە پێشتر لەلایەن یاخیبووانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، گوتاری دژەکوردەکەی زیاتر بوو. وتەکانی ئەسەد و بەرپرسانی پلەبەرز، دووپاتیان دەکردەوە کە هەرێمی کورد

و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵ کراون؛ بەدەر نین لە ئامانجی کۆتایی ڕژێم بۆ سەپاندنەوەی دەسەڵات(کاژجۆ، ٢٠٢١، ژ٧ ،لا ١٠٥).

لە ئێستادا هەموو ئاماژەکان سەبارەت بە سوریا بەرە و ئەوە دەڕۆن کە ئەم ڕژێمە دوو ڕێگای لە پێشدایە، یان هاوشێوەی سەرۆکی یەمەن دەست لە کار هەڵبگرێت، دوای کوشتنی دەیان هەزار کەس (کە ڕەنگە نەتوانێت وەکو عەبدوڵڵا ساڵح بە ئاسانی دەربازی ببێت)، یان تا دوا ساتەکانی شەڕ لە لازقیە و تەرتوس ...بجەنگێت و دووریش نییە لە درێژەی جەنگ لە سوریا و قەتڵوعامی خەڵکی ئەو وڵاتە کۆتایی بە کارەساتێک بێت کە چاوەڕوان نەکراوە، ئەگەر چی هیچ ئاماژەیەک نییە بەوەی کە دوای ئەسەد و سوریا ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی بەهاری عەرەبی کۆتایی پێبێت.

**دەرەنجام لەو توێژینەوەدا بەوە دەگەین کە** بوون و مانەوە ی پەکەکە و لقە لێ پەیدابووەکانی (پەیەدە ، یەپەگە و قەسەدە)و بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە سوریا پەیوەستە بە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەو ڕێکەوتنی نێوان ئەمریکاوروسیا لەسەر چارەنوسی سوریا،بۆیە مەسەلەکە تا رادەیەک ناروونەو مژدەبەخش نیە بۆ کورد لە بەر بوونی دەولەتێکی دژ بە کورد وەکو تورکیا .کە مەسە لەی بەهێزبوونی هەر قەوارەیەکی کوردی لە دەوروبەری خۆی بە مەترسی دادەنێ لەسەر بوونی خۆی.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم : کتێب

### کتێبە کوردییەکان


١) جودی، حەسەن، مێژوویێک ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزوتنەوەی ئاپۆجی، دیمانەیەک لە گەڵ (جەمیل بایک)دا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی (پ.ج.د.ک)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

٢) شەریف، محەمەد، ئیسلامییە کوردەکان لە عیراق لە ئیخوان موسلمینەوە تا ئەوەی پێی دەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی بەردەوامی یان دابڕان، کتێبی : سەلەفیزم لە کوردستان، وەرگێڕانی : ماجید خەلیل، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و فەلسەفە، ٢٠١٦.

٣) فلیپس، دەیڤید، بەهاری کوردی "نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : سیروان حسێن بیەیی، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠١٤.

٤) گەوهەری، حامید، پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

٥) مارکوس، ئەلیزا، مێژووی پەکەکە، وەرگێڕانی : ماجید خەلیل، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

٦) مەحمود، شاسوار کەمال، سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، کتێبی داعش وداعشناسی، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و فەلسەفە، ٢٠١٥.

٧) مۆنتگومری، هێریەت، کوردی سوریا – بونیکی نکوڵی لێکراو، وەرگێڕانی : محەمەد ئەمین حسین عەلی (مینە)، وپێشەوا عەبدولخالق محەمەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٨) ئێرکمێن، سەرحەد، وکەیڤس،جۆن، وسپایر، جۆناتان، مێژووی پەیەدە، وەرگێڕانی : ماجید خەلیل، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ٢٠١٧.


### کتێبە عەرەبییەکان


٩) أوجلان، عبدالله، الشخصية في كردستان، خصائص المناضل الثوري وحياة الحزب، منشورات حزب العمال الكردستاني، ١٩٨٦.

١٠)رضوان،وليد، العلاقات العربية التركية، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت – لبنان، ط١، ٢٠٠٦.

١١)هلال، رضا، السيف و الهلال تركيا من اتاتورک الی اربکان الصراع بين المؤسسة العسكرية و الإسلام السياسي، دار الشروق، مصر، ط١، ١٩٩٩.

١٢)عيسى، حامد محمود، القضية الكردية في تركيا، مكتبة مدبولي، ط١، القاهرة، ٢٠٠٢.

**دووەم : نامەی ماستەر و دکتۆرا**

١٣)عەبدوڵڵا، سەلیم عەبدولکەریم، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (١٩٨٠ – ١٩٩٩)،نامەی دکتۆراه، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، ٢٠١٤.

**سێیەم : گۆڤارەکان**

١٤)عبدالمقصود، أشواق احمد مناف، حزب العمال الكردستاني وتطور المسألة الكردية في تركيا، مجلة كلية الآداب، جامعة بني سويف، قسم الرابع، بحوث التاريخ، مجلد ٢، العدد ٥٧، اكتوبر – ديسمبر، ٢٠٢٠.

١٥)کاژجۆ، سیروان، ئەگەرەکانی یەکێتیی کوردی سووریا: هەڵسەنگاندنی جموجووڵە نێوخۆیی و هەرێمییەکان، وەرگێڕانی : پێشەوا جەلال، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٧، ئایاری ٢٠٢، ساڵی دووەم، سلێمانی،

١٦)محەمەد، یاسین تەها، ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو ئەنجوومەنە کوردییەکەی سووریا، سەنتەری ئەسباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٣، ئەیلولی ٢٠٢، ساڵی دووەم، سلێمانی.

١٧)ليستر، تشارلز، تحديد معالم الدولة الإسلامية، دراسة تحليلية صادرة عن مركز بروكنجز الدوحة رقم ١٣ ،ديسمبر ٢٠١٤،

١٨)مسارات، ما مستقبل المناطق الكردية فی شمال سوريا؟، مركز ملك فيصل للبحوث و الدراسات الاسلامية، ديسمبر ٢٠١٨، السعودية.

١٩)كونوبال، بن، الندر، وناتاشا، جاكسون، وكيمبرلي، التغلب على تنظيم الدولة الإسلامية إختيار إستراتيجية جديدة للعراق وسوريا، مؤسسة RAND ،سانتا مونيكا، كاليفورنيا. ٢٠١٧.

**چوارەم : سەرچاوەی ئینتەرنێت**

٢٠)ئەحمەد، شێرزاد، پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە، بەرواری بڵاوکردنەوەی : ٢٧-٨-٢٠٢١ ، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنییە :

www.zaniary.com/blog/٥d٥٢b١٢٥٣١b٦d/پارتی-کرێکارانی-کوردستان-پەکەکە

٢١)ستار، بڕوا، سیستمی سەرمایەداری سڕینەوەی بەها مرۆییەکانە، ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ٣ سەرکردەکەی پەکەکە بە نموونە، بەرواری بڵاوکردەوە: ٢٠١٨/٧/١١ ، بەرواری سەردانکردی ماڵپەڕ : ٢٠٢٢/٢/١٠ ، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :

www.skurd.net/٢٠١٨/١١/٠٧/سیستمی-سەرمایەداری-سڕینەوەی-بەها-مرۆ/

٢٢)غەریب، ئەدمۆند، بەرووخانی رژێمی ئەسەد بەهاری عەرەبی دەگۆڕێت بۆ بەهاری کورد، ئەمەش گەورەترین گۆڕانکاری دەبێت لە ناوچەکەدا، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠١٢/١٠/٢٧، بەرواری سەردانکردن : ٢٠٢٢/٢/١٥، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :

WWW.GULANMEDIA.COM/SO/STORY/١٧٥٨٦٧/١٦٢١٥٤٤٥٦٩-١٦٤--ئەدمۆند-غەریب-بۆ-
گوڵان:بەرووخانی-رژێمی-ئەسەد-بەهاری-عەرەبی-دەگۆڕێت-بۆ-بەهاری-کورد،-ئەمەش-گەورەترین-
گۆڕانکاری-دەبێت-لە-ناوچەکەدا

٢٣)ئەسەسەرد، فەرید، سوریا و رەهەندەکانی ئایندەی سیاسی، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠٢١/٣/٣٠، بەرواری سەردان : ٢٠٢٢/٢/١٨، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :

https://www.puknow.com/articleview?article=٢٠٥٨٦&auther=٢٢

٢٤) پۆڵەتیک پریس، ئیدلیب لە نێوان بەرداشی تورکیاو روسیاو ئەسەد دا، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٠/٩/٢١، بەرواری سەردان : ٢٠٢٢/٢/١٩، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :
/https://politicpress.com/١٠٥٧٧

٢٥)فريق التحرير، حزب العمال الكردستاني في سوريا.. حضوره وتاريخه وحلفاؤه، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٠/٩/١٠، بەرواری سەردان : ٢٠٢١/٣/١٢ ، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم نانیشانە ئەلیکترۆنیە :
https://www.noonpost.com/content/٣٨٢٣٣

٢٦)باسیرە، سالار، جەنگی سوریاو ڕۆل و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠١٨/٥/١٧، بەرواری سەردان : ٢٠٢٢/٣/١٩، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلکترۆنیە :
www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=٨٥١٠٦&skeyword=باسیرە

٢٧)هندرین، مەلا، ئەمەریکا یان کورد خائینۆ؟!، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠١٨/١٢/٢٧، بەرواری سەردان : ٢٠٢٢/٢/٢٣، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :
https://www.hawler.in/index.php/٢٠١٧-١٢-٢٨-٢٣-١٦-٣٤/item/٨٧٦١-٢٠١٨-١٢-٢٧-٠٦-٣٥-٠٠

٢٨)بابان،زەرەشت، ڕۆڵی کورد و دەستکەوت و شکستەکانی لەشەڕی بەوەکالەتدا، بەرواری بڵاوکردنەوە : ٢٠١٨/١١/١٥، بەرواری سەردان : ٢٠٢٢/٣/٥، بۆ یاتر زانیاری بڕوانە ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیە :
http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=٣٢٦&Jor=١١&Jor٢=٥١